# نوێگەریو نوێکردنەوەی هزری ئایینی

ن: برهان غلیۆن   و: لە عەرەبییەوە: پارێزەر/ئارام عەبدولکەریم شوانی

بە جیاوازیی ئاراستەو سەرچاوەکانییەوە، هەموو ئەو بۆچوون و راڤەکردنانەی کە بۆ نوێکردنەوەی هزری ئایینیی ئیسلامی پێشنیارکراون، بە باوەڕێکی قووڵەوە کۆکن لەسەر ئەوەی کە لێکدابڕانێکی قووڵ لە نێوان هزری ئیسلامیو نوێگەریدا هەیە، گەر نەڵێین لە نێوان نوێگەریو خودی ئایینی ئیسلامیشدا هەیە. ئەگەر ئەمجۆرە تێزەش راست دەرچوو، ئەوا کۆمەڵگە ئیسلامییەکان هەرگیز ناتوانن خۆیان لەو چارەنووسە تراژیدیو کارەساتبارە قووتار بکەن، کاتێك کە سەرپشکدەبن لە نێوان نوێگەرییەکی نابەخشندەی پشت بەستوو بە رەتکردنەوەی خودو ناسنامەیەك کە نرخو بەهاکەی خۆی لە دەستداوەو دەبێتە هۆی دوورخستنەوەو پەراوێزخستن. لەم بارەشدا موسڵمانان هەرچییەك بکەن،

**نوێگەری بەقەدەر ئەوەی کە مرۆڤی ئێمەی لە خودو لە کەسێتی خۆی بێبەش و دابڕاوکرد، خۆیشی هەر بەبێ ناسنامە مایەوە، واتە نوێگەرییەکەی ئێمە لە روخسارو لە ناوەڕۆکدا مایە پووچ بوو.**

دەبینن کە گیرۆدەی لێکدابڕان‌و ئازار چەشتنی ویژدانن.
کەواتە ئایا ئیسلام بەراستی‌و بەشێوەیەکی کردارەکی تێکەڵەیەکی سەراپاگیرە، بە جۆرێك کە بیرباوەڕی ئایینی راست‌و دروست نابێت ئەگەر هاتوو لە هەمان کاتدا پەیوەست نەبوو بە پابەندبوون بە شێوازگەلێکی تایبەت لە هزرو هەڵس‌و کەوتی سیاسی‌و ئابووری‌و کۆمەڵایەتییەوە، کە بە زەرورەت هەڵقوڵاوی ناخی (ئیسلام) خۆیەتی‌و دووپاتکەرەوەشیەتی؟ یاخود بە پێچەوانەوە، ئیسلام لە خودی بونیادە عەقیدەییەکەیدا توانای وەرگرتن‌و تێگەیشتنی ئەو لۆژیکە هۆشەکییەی هەیە کە سەرکەوتنی کارو کردەوە دونیاییەکانی مرۆڤ پشتی پێدەبەستێت‌و لەسەری وەستاوە؟ چۆن دەتواندرێت ئەو بێتوانایی‌و دواکەوتنە مێژووییەی کۆمەڵگە عەرەبییەکان راڤە بکرێت‌و رۆڵی بیروباوەڕە ئایینییەکانیشی لەم دواکەوتنەدا چییە؟ ئایا ئەوە ئیسلامە ناهێڵێت کۆمەڵگە ئیسلامییەکان لەسەر رێچکەی نوێگەری برۆن‌و خۆیان پێش بخەن، یاخود بە پێچەوانەوە نوێگەری خۆیەتی بەو شێوەیەی کە خزێندراوەتە ناو زۆربەی کۆمەڵگە ئیسلامییەکانەوەو جێبەجێکراوە. واتە وەك نوێگەرییەکی میکانیکی‌و تەکنیکی، نەك وەك نوێگەرییەکی مرۆیی، ناهێڵێت‌و رێگرە لە بەردەم ئەو پێشکەوتنەدا؟ هەروەها ئەو هۆیانە چین کە ئەمڕۆ رێگە لە نوێبوونەوەی ئیسلام دەگرن، مادام پێشتر یا لە رابردوودا توانیبێتی ئەو کارە بکات؟
وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە کەسەرلەبەری ئەو لێکدانەوەو راڤەکردنانەی ئێستا بۆ ئیسلام دەکرێت‌و دەخرێتەڕوو، گرنگییەکی بەرچاوو مەزنی هەیە، چونکە لێرەدا مەسەلەکە پەیوەستە بە دەستنیشانکردنی رۆڵ‌و پایەی ئیسلام لە دارشتنی ئایندەی ئەخلاقی‌و فیکریدا (ئاکارو هزر)و لە کۆتاییشدا رێکخستنی سیاسی‌و کۆمەڵایەتی سەرجەم کۆمەڵگە موسڵمانەکاندا.
بە پێچەوانەی ئەو بیرو رایانەی کە لەم رۆژگارەدا باوو بڵاون، ئیسلام بە درێژایی ئەو چواردە سەدەیەی کە پەیدابووە، نە

نــەگۆڕو چەسـپاوو چـەق بەسـتوو نـەبووە. جـا ئەمـە چ لەسـەر ئاسـتی سیـستمە عەقیدەییـەکان بووبێـت یـاخود لەسـەر ئاسـتی پراکتیـزە (مومارەسـە) مێـژوویی‌و سیاسی‌و ئابووری‌و کلتورییەکان بووبێت. هەروەها ئەو گۆڕانکارییانـەی کـە پەیوەست بوونـە بـە هـزرو کۆمەڵگـەی ئیـسلامی‌و جوگرافیـای سیاسـی‌و شـێوەکانی ڕێکخـستن‌و مەرجـەکانی پێـشکەوتن‌و پەرەسـەندنی‌و شـێوە ئیلـهام بەخـشەکانییەوە، هـەمووی گۆڕانکاری قووڵ‌و ریشەیی بوونـە. کۆمەڵگـە ئیـسلامییەکان سـەرەڕای ئـەو دواکەوتنـە ژیـاری‌و شارسـتانییە روون‌و ئاشکرایەشـیان، لـە پانتاییـەکی داخـراوو لـە دەرەوەی سـەردەم‌و زەمـەنی خۆیانـدا نـاژین، بـەڵکو بـە پێچەوانەوە بـە تـەواوەتی ڕۆچوونەتە پرۆسـەی نوێگەرییـەوە بـە هـەموو دەسکەوتە باشـەکانی‌و ئاسـەوارە خراپەکانییـەوە پێکەوەو وەك یـەك. بـەڵام ئامادەنـەبوونی کۆڵەگـەو بنـەمای فیکـری‌و ئەخلاقییانـەی ئەو نوێگەرییەی کە کۆمەڵگـەی عـەرەبی‌و کۆمەڵگـەکانی تریـشی داگیرکـردو ئـەنجامی ئەو ڕۆچوونە میکانیکی‌و بیرلێنەکراوەیەی نوێگەری بوو، خودی نوێگـەری لـە هـەموو بـەها مرۆییـەکانی دامـاڵی‌و خـاڵی کـردەوەو بـچووکی کـردەوە بـۆ دەسـکەوتێکی تەکنەلۆژییانـە لەسـەر پـشتی ئازادییـە مـۆڕاڵی‌و مـەدەنی‌و سیاسـییەکان. بـەمجۆرەش نوێگەری ئێـستاشی لەگەڵدا بێت، بـوو بـە نوێکردنەوەیـەك بـۆ ئـامێرو کەرسـتەکانی چەوسـاندنەوەو داپڵۆسـینی مـرۆڤ، لـە کاتێکـدا کـە بنـەمای بـوون‌و شـەرعییەتەکەی ئازادکردنی مرۆڤ بوو.

نوێگەری، سەرەتا لە وڵاتە ئیسلامییەکاندا. خۆی وەك شێوەیەکی تـازە لـە بـەکاربردن واتە کرانەوەو گەشەسەندندا سەپاند. بەڵام هەرزوو بەرەو ڕێگایەکی داخراو ڕۆیشت‌و ملی نا، چونکە لەو کاتەی کـە توانـای دەوڵـەت لـە تێرکـردن‌و پڕکردنـەوەو هێنانـەدی ئەو پێداویستییە مادديیانەی کە کۆمەڵگەی جیهانی بەرهـەمی هێنـابوون دادەڕووخـا، هیواو ئاواتەکانی گەلان‌و سەرسام بوونیان بە شێوەیەکی تـازە بابـەتی ژیـان‌و ئـازادی‌و سـەرفرازی زیـاترو تووندتر خـۆی دەسـەپاند، ئـا لێـرەوە ئـەو نوێگەرییـە تـەکنیکی‌و میکانیکی‌و ماددییە رووتەی کە باسمان کرد. بوو بە هۆکارو ئامرازێك بۆ بـەتاڵکردنی مرۆڤ‌و بێماناکردنی ژیانی‌و پاڵ پێوەنانی بەرەو خەرەندی سـەرگەردانی‌و دۆشـدامان‌و ونبوون.

ژیانی ئەمڕۆی ئێمەی کۆمەڵگە عەرەبییەکانیش ئەوەندەی ئاماژە بۆ قـەیرانی خـودی نوێگـەری دەکات، ئەوەنـدە گوزارشـت لـە قـەیرانی هـزری ئـایینی ناکـات. مەبەسـتمان نوێگـەری ئـامێرو تـەکنیك‌و بەکاربردنـە، نوێگەرییـەکی بـێ مـرۆڤ یـاخود دژە مـرۆڤ، چـونکە نوێگـەری بەقـەدەر ئـەوەی کـە بـێ دەسـەڵات‌و بـێ توانـابوو لـە پەرەپێـدان‌و هانـدانی ئازادییـە مرۆییەکانـدا، بەقـەدەر ئـەوەش خـۆی بینـی کـە بـێ دەسـەڵاتەو

ناتوانێت تەنانەت ئەو تەکنیکەش بەکاربهێنێتو ڕێکی بخاتو کۆنترۆڵی بکات. هەروەها نوێگەری بەقەدەر ئەوەی کە مرۆڤی ئێمەی لە خودو لە کەسێتی خۆی بێبەشو دابڕاوکرد، خۆیشی هەر بەبێ ناسنامە مایەوە، واتە نوێگەرییەکەی ئێمە لە روخسارو لە ناوەڕۆکدا مایەپووچ بوو.

هەر بۆیە نابێت ئەم تەنگژەیەی کە ئێستا توندوتیژیو دەمارگیریی بزووتنەوە ئیسلامییە نوێکانو دوژمنایەتیان بەرامبەر بە بەهاکانی نوێگەری ورژاندوویەتی ببێتە هۆی دەرئەنجامو گشتاندنی هەڵەو نادروست کە هیچ بنەمایەکی واقیعیانەی نییە. سەرهەڵدانو دروستبوونی توندڕەویی ئیسلامیو پەرەسەندنی، ئەوان خۆشیان ناتوانن لە دەرەوەی ڕێڕەوی دروستبوونی ئەو نوێگەرییە هەژارو هیوابڕو نابەخشندەو وروژێنەرەی یاخیبوونو نارەزایەتییە، پەی پێ ببەنو لێی تێبگەن.

بە پێچەوانەی ئەو بیروبۆچوونە باسکراوو باوانە شەوە کە لە ئارادایە، نە پەککەوتەیی عەقیدەی (باوەڕی) ئیسلامیو نە چەق بەستوویی (دۆگماتیزم) گریمانەکراوی هۆشو مێشکی مرۆڤی موسڵمان، دەتوانن هۆی دواکەوتنی بنەماکانی کۆمەڵگە مۆدێرنەکانمان یاخود شێوە بازاڕیو میکانیکیو نامرۆییەکەی نوێگەریمان بۆ راڤە بکەن. بەڵکو خودی ئەو نوێگەرییە نابەخشندەیە، لەکارخستنی هزری ئیسلامیو نەمانی هەڵی نوێکردنەوەی بە ئاراستە راستو دروستەکەی خۆیدا مان بۆ راڤە دەکات، یاخود دەبێت بۆ راڤە بکات، چونکە نوێگەری بە دەستبەرداربوونی لە مرۆڤ لە رووی ویژدانو هزرو کلتورەوە، هەر تەنها بەرەو هەڵدێری خاڵی بوونەوە لە ئاکار ملی نەنا، بەڵکو لەوەش زیاتری بەسەرخۆی هێنا بەسەر لەخۆشێواندنو دژایەتیو گەندەڵیو هەروەها گەڕانەوە بەرەو ئامێزی ئایینی کرد بەسەرچاوەی سەرەکیی مانادانەوە بە مرۆڤ، یا نیمچە مانادانەوە پێی. واتەکردنی ئایین بە دوا پەناگەی هزرو ئاکار. ئەو تەنگژەیەی کە ئەمڕۆ پرۆژەی نوێگەریی عەرەبیی تیایدا دەژێتو رەوشو سیستمە یاساییو کلتوریو سیاسیو کۆمەڵایەتیو ئابوورییەکانی ئێستا لە رووی هزرو لە رووی پراکتیزەکردنەوە بەبێ جیاوازی بەرجەستەی دەکەن، زیاد لە هەر بەرەنگارییەکی ئایینی یا پاشماوەو میراتییەکی ئیسلامیی ئایدیالییانە نەك هۆشەکییانە (عەقڵانی) ئەو رەتکردنەوەو دژایەتیکردنە هەستپێکراوەی میللەتانمان بۆ راڤە دەکات بەرامبەر بەو سیاسەتانەی کە پایەو رێزو متمانەی خۆیان لە دەستداوەو لەلایەن دەستبژێرە دەسەڵاتدارەکانەوە تەیارو ئامادە دەکرێتو جێبەجێدەکرێت بە ناوی نوێگەرییەوە.

جا بۆیە دەبێت لە پێناو دووبارە بە گەڕخستنەوەی دینامیکییەتی مێژوویدا، دووبارە بەها ئازادکەرەکانی مرۆڤ بنیات بنێینەوە. تاکە رێگەیەکیش بۆ هێنانەدی

ئـەم ئامانجـە، پراکتیزەکردنـی پرۆسـەی رەخنـە لـە خـۆگرتن‌و بەخۆداچـوونەوەی سیاسی‌و فیکری‌و ئەخلاقییە. تەنها بەمجۆرە موسڵمانەکان دەتوانن ئەو ناسنامەیە بە دەست بهێننـەوە کـە تـەڵخ‌و شـێواوببوو، یـاخود ناسـنامەیەك تـازە بکەنـەوە کـە پـیرو پەککەوتـەو بێهـۆش ببـوو، بـەو هیوایـەی کـە بتـوانن لـە میانـەی ئـەو ناسـنامەیەوە میکانیزمەکانی نوێگـەری بناسن‌و دواتـریش چۆنییەتی شـێوازی پراکتیزەکردنەکـەی پـێش بخـەن‌و بتـوانن جێبـەجێی بکـەن‌و بەسـەریدا زاڵـبن، چـونکە بـە شـێوەیەکی سـەرەکی هـەر پێـشکەوتنێکی مرۆیـی‌و هـەر پێـشکەوتنێکی رەوشـتمەندانە، تـەنها لەمیانەی پێشکەوتنی کـاروانی نوێگـەریی مرۆییـەوە دێتـەدی. ئـەو پێشکەوتنەی کـە عەقڵانییەتی ئامێرەکی دەخاتە ژێر باری ئازادیی هۆش‌و ویژدانەوەو نەتەوە پەرستی دەکات بە هاووڵاتیبوون‌و دەسەڵاتی دەوڵەت دەکات بـە دەسـەڵاتی نەتـەوەو هاریکـاریی سیاسیش دەکات بە رێزگرتن لەسەرفرازیی مرۆیی.

ئـا لێـرەوە ئێمـە پێمـان وایـە کـە ئاینـدەی ئیـسلام بەنـدو پەیوەسـتە بـە ئاینـدەی کۆمەڵگەکانییـــەوەو نوێکردنـــەوەی هـــزری ئیـــسلامییش لەمـــەودوا، مەبەســـتم لـــەم سەردەمەی ئێستاماندا، تەنها بەشێك دەبێت لـە نوێکردنـەوەی خـودی هـزری زەمـەنی مێژوویی. بێگومان ئەمەش پێویستی بە راڤەکردنی نـوێ‌و هـۆو پێنـاوی لێکۆڵینـەوەو کارنامـەی دیکـەی جیـاوازە لەوانـەی پێشو کـە هـەر زادەی رەخنـە گرتنـە کلاسکییە مێـژوویی‌و دەق ئامێزەکـانی هـزری ئـایینی مەسـیحی یـا ئـایینی جوولەکـە بـوون. مەبەسـتم چـەند راڤـەکردن‌و بۆچـوونێکی دیکـەی تازەیـە کـە زادەی ئـەو رەخنـە کۆمەڵایەتییەن کە سەیری ئـایین دەکـات لـە میانـەی ئـەو بەکارهێنانـە کۆمەڵایەتییـە جۆراو جۆرو پایە راستەقینەیەی داگیری کردووە یا بە دەستی هێناوە لـەناو سیـستمی ئەو کۆمەڵگانەی کە تیایاندا دەبزوێت‌و کاردەکات.

گەر بە وردیش تەماشا بکەین، دەبیـنین ئـەو گفتوگۆیانـەی ئـەمڕۆ لەمـەڕ ئیـسلام لـە ئارادایـە، هـەر تـەنها گفتوگۆیـەکی فیکـری نییـەو بـە تـەنها پەیوەسـت بێـت بـە دەستنیشانکردنی ئەو بەها سەرەکییانەی کە حوکمی کۆمەڵگەکانی موسڵمانان دەکات‌و هەروەها ئەو ئامـانج‌و مەبەسـتانەی کـە کۆمەڵگـە نوێکـانی لەسـەر بنیـاتنراوە. بـەڵکو زیاتر گفتوگۆیەکی سیاسیانەیە، چونکە ئەمڕۆ قسەکردن لەبارەی ئیسلام‌و راڤەکردنە جیاوازەکانییـەوە، پەیوەندییـەکی تونـدوتۆڵ‌و تۆکمـەی بـە دەرکـەوتن‌و سـەرهەڵدانی بزووتنـەوە ئیـسلامییەکانەوە هەیـە. کـە وەك بکـەرێکی دەسـتەجەمعیی سیاسـیانە جۆرێـك یـا شـێوەیەك لـە حـوکمرانی کـردن‌و شـێوازێکی تایبـەت لـە بـەڕێوەبردنی دەسەڵاتی خستۆتە بەردەم گەر نەڵێین سەپاندوویەتی بەسەر کۆمەڵگەکانیـدا، کـە بـە قسەی خۆی لە کرۆك‌و ناواخنی پەیامەکەی خوداوە هەڵیهێنجاوەو هەوڵدەدات بەسـەر

کۆمەڵگەیدا بسەپێنێت وەك ئەوەی کە بەشێك بێت لە بیروباوەڕ (عەقیدە)ی ئایینی.
ئا لێرەوەو لەم گۆشەیەدا، گفتوگۆکان لەمەڕ ئیسلامو راڤەکردنە جۆراو جۆرەکانی لەگەڵ گفتوگۆکان لەمەڕ گۆڕانە سیاسییەکانو ئەو خەیاراتە جۆراو جۆرانەی کە بەرەو رووی ئیسلام بونەتەوە (نەتەوەییو دیموکراسیو تەنانەت زۆرداریەکانیش) دژ بە یەکتر دەوەستنەوەو تێکگیردەبن، بەڵام لەپاڵ هەموو ئەمانەدا، گفتوگۆکان لەمەر ئیسلام لە دوای رووداوی "11 ئەیلولی ساڵی 2001)ەوە، رەهەندێکی جیۆستراتیژیو جیۆسیاسی راستەقینە لەخۆ دەگرێت. ئەمەش لەبەر ئەوەی لەلایەکەوە، لەوە بەدواوە ئیسلام بوو بە بەشێك لە هاوکێشەی سیاسەتی نێودەوڵەتیدا، دوای ئەوەی کە گۆڕا بۆ بکەرێکی نێودەوڵەتی لە وێنە توندڕەوانەکەیدا بەشێوەیەکی سەرەکیو لە سەرجەم وێنەکانی تریشیدا بەشێوەیەکی گشتیو لەلایەکی تریشەوە لەبەر ئەوەی گۆڕانکاریەکان لەناو کۆمەڵگە ئیسلامییەکانیشدا بوو بە یەکێك لە بابەتە سەرەکییەکانی سیاسەتی نێودەوڵەتیی نوێ. ئەمەش بوو وایکرد کە ئیسلام یاخود راستتر بڵێین گفتوگۆکان لەمەڕ ئیسلامو ململانێکردن لەسەر پێناسەکردنو دەستنیشانکردنی بەها سەرەکییەکانی، کۆمەڵە ئەگەرێکی بداتێ زۆر زیاتر بێت لە رەهەندی ئایینیو خوداپەرستی، بۆ ئەوەی برژێنە ناو جامی ئەو شەڕو شۆڕە نیشتمانیو هەرێمایەتیو شارستانیو ژیارییانەی کە ئەمڕۆ بەشێك لە ململانێکانی جیهانگەرایی گەردوونییانە پێکدەهێنێت.
کەواتە لەم بارەدا، چۆن دەتوانین بگەینە رێککەوتن لەمەڕ راڤەکردنە ئاینییەکان بەبێ ئەوەی رێکبکەوین لەسەر ئەو ئامانجو بەها سەرەکییانەی کە دواتر حوکمی دووبارە بونیاتنانەوەی کۆمەڵگە ئیسلامییە لەبەریەك هەڵوەشاوەکان یاخود کۆبوونەوە سیاسییەکانی دەکات؟
چۆن دەتواندرێت هزری ئیسلامیی ئایینی نوێ بکرێتەوە، بەبێ ئازادکردنی ئایین لە بەکارهێنانە سیاسیو ستراتیژییە دونیاییەکان؟ هەروەها چۆن دەتواندرێت گرەوە ئایینییەکان لە گرەوە سیاسییەکانو لە گرەوە ستراتیژییەکان جودا بکرێتەوە شانبەشانی بەردەوامیی توانەوەو لەناوچوونی دەوڵەتو بەردەوامیی لۆژیکی جەنگی شارستانییانە؟ ئەدی چۆن دەتواندرێت هۆشێکی ئایینیی نوێ گەڵاڵە بکرێت کەلەسەر بنەمای پراکتیزەکردنی کەسەکیو تایبەتمەندێتی بنیاتنرابێت، لەو کاتەی کە ژیانی سیاسی عەرەبیو ئیسلامی بێبەشە لە بەهاکانی ئازادیی تاکە کەسیو لیبراڵییەتو سەربەخۆیی دەستپێشخەرییە تایبەتیو کەسەکییەکان؟
ئەمڕۆکە ئیسلام هەر تەنها یەکەم سەرچاوەی دروستکردنو پێکهێنانی هۆشو پەروەردەکردنی تاکەکان نییە، شانبەشانی پاشەکشێکردنی دەسەڵاتو رۆڵو راستگۆیی

کلتوری مۆدێرن‌و بیروباوەڕە سۆسیالیستی‌و کاپیتالییەکانی‌و هەروەها بەرهەمهێنەری سەرەکیی هەست‌و سۆزی دڵسۆزی‌و لایەندارێتی پێکهێنەری کۆمەڵە کەسانێك نییە کە بنەماکانی بوونی نەتەوەیی خۆیان لە زیاتر لە شوێن‌و جێگەیەکدا لە دەستداوە. بەڵکو لەمەو لەوەش زیاترە، چونکە ئەمڕۆ ئیسلام بۆتە سەرچاوەی هاریکاری‌و هاودەنگییەکی رۆحی‌و سیاسی سەرەکی لە رووی ئەو فشارە سیاسی‌و ستراتیژی‌و کلتورییانەی ئەمڕۆکە کۆمەڵگە ئیسلامییەکان دووچاری بوونە لە میانەی جیهانگەرایی‌و ئەو جەنگە سەختە ئابووری‌و ستراتیژییەی کە جیهانگەرایی لە چوارچێوەی گەڕان بە دوای باڵادەستیی (هەژموون) نێودەوڵەتیدا لە نێوان جەمسەرە ئابوورییە (کارتێلە) جیهانییەکاندا، وروژاندویەتی. بۆیە هەروەك چۆن نوێکردنەوەی هزری ئایینی بەبێ جیاکردنەوەی گرەوە رۆحییەکان لە گرەوە سیاسییەکان، کارێکی زۆر سەخت‌و دژوار دەبێت. بەهەمان شێوە نوێکردنەوەی هزری سیاسی‌و ئازادکردنی لە ئارەزووەکانی دژایەتیکردنی دەرەوەو دواتر ئازادکردنی لە ئارەزووی ئامادەکردن‌و پفدانی ئایینی، بەبێ دانانی سنورێك بۆ ئەو جەنگە شارستانییەی کە پێش هەموو شتێك لە دوارۆژدا مانای فراوانکردنی بازنەی فشارە ماددی‌و مەعنەوییەکانە لەسەر کۆمەڵگە ئیسلامییەکان، کارێکی زۆر ئەستەم دەبێت.